رانیا کوردی:

# هاوسەرەکەم تەنیا بیر لە سەرکەوتنی من دەکاتەوە



رانیا کوردی یەکێکە لەو ئەکتەر و پێشکەشکارە سەرکەوتووانەی کەلە سەرەتا بەرنامەی سوپەرستاری پێشکەش کرد، دواتر لەبەر توانا و بەهرەمەندی رووی لە گۆرانی وتن و نواندن کرد و سەرنجی جەماوەر بۆ خۆی راکێشا بە زەردەخەنە بەردەوامەکان، چەند جارێک لەبەرچەند هۆکارێکی تایبەتەوە لە بوارەکەی خۆی دوورکەوتۆتەوە و دواتر بەگوڕ و تینێکی زیاترەوە گەڕاوەتەوە.

دەربارەی سەرەتاکانی خۆی کە بە سەرەتایەکی سادە و ساکاری دەزانێت رانیا دەڵێت: سەرەتای کارکردنم لە راگەیاندن زۆر سادە و ساکار بوو و سوودێکی زۆریشم لێی بینی ئەمەش بە پلەی یەك بۆ ئیرادە و ویستی خۆم دەگەڕێتەوە کە وایکرد هەموو وزە وتواناکانم بخەمە گەڕ لەو کاتەی کە توانا ماددیەکان ئەوسا لە تەلەفزیۆنی ئوردن زۆر کەم و سنووردار بوون، چونکە لە یەك کاتدا ئامادەکاری بەرنامە بووم و بیرۆکەم دادەنا و لە مۆنتاژیش یارمەتی هاوکارانم دەدا بە بەردەوامی.

رانیا یەکێکە لەو گۆرانیبێژو راگەیاندنکارانەی کە کارێك پێشکەش دەکات و دواتر بۆ ماوەیەك ون دەبێت تا جارێکی دووبارە دەگەڕێتەوە، رانیا دەربارەی چۆنیەتی بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانی دەڵێ: هەر لە سەرەتای ژیانی هونەری و راگەیاندنەوە وا ڕاهاتووم کارێکی گرنگ بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدەم دواتر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەردەکەومەوە، بەڵام لەو ماوەیەشدا کارەکان پشتگوێ ناخەم، بەڵکو بە وردی چاودێری بارودۆخی هونەری و کۆمەڵگاش دەکەم و هەوڵ دەدەم بزانم بۆ من چ پێویستە ئەنجامی بدەم لە ماوەی داهاتوو کە دەگەڕێمەوە، چونکە من بڕوام بە چۆنیەتییە نەك چەندایەتی و هەمیشە هەوڵ دەدەم هەنگاوێك بەرەو پێش بڕۆم نەك بگەڕێمەوە دواوە.

رانیا بەوە ناسراوە کە لە یەك کاتدا لە سێ بواردا کار دەکات ئەوانیش بریتین لە پێشکەش کردنی بەرنامە و گۆرانی وتن و نواندن و لە هەرسێکیشیان سەرکەوتوو بووە و جەماوەری تایبەتی خۆی هەبووە وەك راگەیاندنکار و ئەکتەر و گۆرانیبێژ، بەڵام رانیا خۆی زیاتر لە نواندنەوە نزیکتر دەبینێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: لە بنەڕەتدا من ئەکتەرم و عاشقی ئەکتەریم و ئەو لە دڵی منەوە نزیکترە لە گۆرانی و راگەیاندن، هەرچەندە من وەك ئەکتەر کەمتەرخەمم بەرامبەر بە خۆم، گرنگیم بە گۆرانی وتن داوە و پێشکەش کردنی بەرنامەکانیش بەشێکی زۆری کاتی بردووم، بەڵام هەر ماوەیەکی دیاریکراوە تایبەتمەندێتی و جوانی و پێداویستی خۆی هەیە، بۆیە منیش بڕیارمدا دووبارە بگەڕێمەوە بۆ ئەو کارەی کە خۆشمدەوێ تاکو ئەوەی لە توانامدا هەبێت لە بواری نواندن پێشکەشی بکەم، هەرچەندە لە ئوردن لە چەندین کاری نواندندا بەشداریم کردووە، هەروەها لە میسر ڕۆڵی پاڵەوانم بینیوە لە فیلمی (الحاسە السابعە) لەگەڵ هونەرمەند ئەحمەد ئەلفیشاوی، ئێستاش سەرقاڵی بەرنامەی (The Rania Show)م و پێشبینی دەکەم بۆخۆم گرنگترین کار بێت لە بواری نواندن.

سەبارەت بە سروشتی ئەو بەرنامە نوێیەو چۆن بە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی ژیانی دادەنێت، رانیا دەڵێ: بەرنامە نوێیەکە بەناوی (The Rania Show)یە و لە ٣٠ ئەڵقە پێکدێت کە ماوەی هەریەکیان ٥ خولەکە، بەرنامەیەکی کۆمیدی کۆمەڵایەتییە و جیاوازە لە کۆمیدیا تەقلیدی و چیرۆك و کەسایەتییەکانی بەدوای یەکدا دێن و پەیوەندییەکی بەهێزی تێدا بەدی دەکرێت لە نێوان بینەر و کەسایەتییەکانی بەرنامەکە، بیرۆکەی کارەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە من ڕۆڵی چەند کەسایەتییەکی ئافرەت دەبینم کە لە واقعدا بوونیان هەیە کە رەنگدانەوەی واقعی ئێستای عەرەبییە و پێشبینی سەرکەوتنیشی دەکەم، چونکە بەرنامەیەکە بۆ هەموو تەمەنەکان و هەموو ئاستە کۆمەڵایەتییەکانە و بەشێوەیەکی کۆمیدی و تەنز ئامێزە، جگە لەمە ئێستا لە خۆئامادە کردنم بۆ فیلمێکی رۆمانسی کۆمیدی بەشێوازێکی نوێ و جیاواز.

سەبارەت بەم فیلمە نوێیە رانیا دەڵێ:چیرۆکی فیلمەکە باس لە واقعێکی نزیك دەکات کە لەگەڵ من و دایکم روویداوە لە چوارچێوەیەکی رۆمانسی کۆمیدی و باس لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی رۆژئاوا لەگەڵ ئەو کێشانەی کە تایبەتمەندییەکی رۆژهەڵاتی هەیە، هەروەها تێڕوانینیان نیشان دەدات بۆ جیاوازییەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، نووسەرێکی بەریتانی بەشداربووە لەگەڵم لەم کارەدا، ئەم فیلمە بەشێکی زۆری کاتم دەبات بۆیە ناچار دەبم ماوەیەك لە لەندەن نیشتەجێ بم کە پێشبینی دەکەم نزیکەی دوو ساڵ بخایەنێت بۆ ئەوەی نووسینی فیلمەکە و وێنەگرتنی ئەو بەشانە تەواو بکەم کە پێویستە لە بەریتانیا وێنە بگیرێت.

سەبارەت بە توجروبەی خۆی لە بەرنامەی سوپەر ستار و ئەو سەرکەوتنەی بە دەستیهێنا رانیا دەڵێ: ئەو کاتەی لە سوپەر ستار دەرکەوتم ناسراو نەبووم و سەرەتای کارکردنم بوو، بۆیە دەڵێم تەجروبەی من لە سوپەر ستار دووبارە نابێتەوە بەتایبەتی لە وەرزی یەکەمی بەرنامەکە کە بەر لە هەشت ساڵ پێشکەش کرا، چونکە ئەو کات یەکەم بەرنامەی دۆزینەوەی بەهرە هونەرییەکانی بوو لە جیهانی عەرەبی و بنکەیەکی جەماوەری گەورەی هەبوو و لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهانی ناوبانگی دەرکرد و ئەو کات لە جیهانی عەرەبی بە دیاردەیەکی هونەری دادەنرا لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و جەماوەر بە تامەزرۆییەوە باسی دەکرد و لە چاوەڕوانیی دابوون، بەڵام وەرزی دووەم تەجروبەیەکی دووبارە بوو و نەدەگەیشتە ئاستی وەرزی یەکەم ئەگەرچی لەرووی تەکنیکەوە پێشکەوتووتر بوو.

رانیا بەهۆی سەرقاڵی بوونی بە کارەکانی کاتی ئەوەی نییە سەیری بەرنامەکانی دیکەی دۆزینەوەی بەهرە هونەرییەکان بکات و تەنیا چەند ئەڵقەیەکی کۆتایی ئەم بەرنامەیەی بینیوە بەتایبەتی بەرنامەی (The Voice)، بەڵام بەردەوام هانی ئەو جۆرە بەرنامانە دەدات و دەخوازێت ئەگەر دەرفەت و کاری هەبێت لە لیژنەی دادوەری ئەم بەرنامانەدا بێت بۆ هەڵسەنگاندنیان نەك پێشکەش کردنی بەرنامەوە و حەز دەکات لە بەرنامەیەکدا کار بکات کە مەبەستیان دۆزینەوەی بەهرەکانە بەشێوەیەکی گشتی نەك ئەو بەرنامانەی کە تەنیا گرنگی بە تاکە کەسێك دەدەن.

رانیا ستایشی ڕۆڵی هاوسەرەکەی دەکات لە دەرکەوتن و سەرکەوتنی لە کارەکانیدا و دەڵێ: ئەوەی راستی بێت تا ئێستا نەمتوانییوە هاوسەنگییەك لەنێوان کاری ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری خۆم رابگرم، گرنگی زیاتر بە خانەوادە و منداڵەکانم دەدەم لە بەرامبەر ئەو گرنگی پێدانە کار دەکەم بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پلە بە پلە کار بۆ هونەرەکەم بکەم بەمەرجێك کاریگەری نەکاتە سەر خێزانم و لەسەر حیسابی منداڵەکان و هاوسەرم نەبێت، چونکە هەندێك کاری هونەری هەیە پێویستی بەوەیە کە چەند ساڵێك لە خێزانت دوورکەویتەوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە هاوسەرەکەم ڕۆڵێکی زۆری هەبوو و لەپەنای پەردەوە زۆر هاوکاری کردووم تەنانەت ئەگەر پێویستی بووبێت لەبەردەم کامیراش هاوکاری کردووم، چونکە هاوسەرەکەم ریز لە کارەکەم دەگرێت و خۆشی دەوێت و بەچاوی ریزەوە سەیری من دەکات وەك ئافرەت و حەز دەکات هەمیشە سەرکەوتوو بم، منیش ریز لەو بۆچوونەی دەگرم.



# بۆچی کارینا بڕوای بە فاڵچییەکان هەیە؟



کارینا کاپور لە ئێستادا یەکێکە لە باشترین ئەکتەرەکانی هیندستان و بە حاڵەتێکی دەگمەن و تایبەت دادەنرێت لەنێو ئەکتەرە هیندییەکان، ئەمەش وایکردووە کە نازناوی (بیبۆ)ی پێ ببەخشن. کارینا کاپور جگە لە رووخساری جوانی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و چەندین بەهرەیە لە یەك کاتدا، کارینای تەمەن ٣٣ ساڵ ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تەنیا لە پێناو پارە و لەسەر خواستی چەند کەسێکی نزیکی رووی لە سینەما نەکردووە وەك بەشێکی زۆری ئافرەتە سینەماکارە هیندییەکان، بەڵکو وەك حەز و ئارەزوویەکی تایبەتی خۆی و بۆ دەرخستنی بەهرە و توانا هونەرییەکانی ئەم بوارەی هەڵبژاردووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: من لە سفرەوە دەستم پێکرد بە پشت بەستن بە تواناکانی خۆم و توانیم سەرکەوم و ببمە خاوەن جەماوەرێکی زۆر. دەربارەی ژیانی ئاسایی خۆی کارینا دەڵێت: دوور لە هونەر من لەگەڵ هاوسەرەکەم ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەم، زۆر حەز لە یاری ئەسپسواریی دەکەم و هەوڵ دەدەم هەمیشە خۆم لە ماڵەوە چێشت ئامادە بکەم، بۆیە زۆر جار لە پشووەکاندا سەردانی ئەو شوێنانە دەکەم کە بتوانم ئەسپ سواری تێدا ئەنجام بدەم، هەروەها زۆر جار لە زستانان سەردانی لەندەن و سویسرا دەکەم، چونکە کەشی لەندەنم پێخۆشە لە زستانان و لە سویسراش یاری خلیسکانی سەر سەهۆڵ ئەنجام دەدەم. دەربارەی سەقامگیریی ژیانی هونەرمەندان، کارینا دەڵێت: من بڕوام بە قسەی فاڵچییەکان هەیە، جارێکیان یەکێکیان ملوانکەیەکی پێ بەخشیم کە لە حەوت بەرد پێکهاتووە و دەبێتە مایەی سەقامگیری و کامەرانی خێزان، بۆیە منیش زۆربەی کات ئەو ملوانکەیەم لە ملە، کارینا پێیوایە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ دوو کچە هونەرمەند لە هەمان ئاستی هونەریدا بن و هاوڕێی یەکتر و ئەگەر هاوڕێش بن ئەوا باشترین هاوڕێ نابن، چونکە جۆرێك لە رکابەرێتی لە نێوانیاندا دروست دەبێت.



# غادە لە ژیان بێزار بووە

لە لێدوانێکی ناکاو و سەرسوڕهێنەردا خانمە ئەکتەری میسری غادە عەبدولرازق جەماوەری خۆی تووشی شۆك کرد کاتێك چەند وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەگری و بێزاری خۆی بەرامبەر بە ژیان و بارودۆخی دەروونی خۆی دەربڕیوە.

غادە لە رێگای ئینستیگرام وێنەیەکی خۆی بە گریانەوە بڵاوکردۆتەوە و لەژێری بۆ جەماوەرەکەی نووسیوە: (داوای لێبوردنتان لێدەکەم من ناتوانم چیتر قسەتان بۆ بکەم، چونکە باری دەروونیم زۆر خراپ و نەگونجاوە بۆیە بمبوورن، ناخۆشترین هەست لای من ئەوەیە کە بۆت دەرکەوێت کەسانی دەوروبەرت ناپاکیت لەگەڵ دەکەن، لەو کاتەی کە تۆ پشتیان دەگری و هاوکاریت کردوون، کەچی ئەوان هەوڵی لەناوبردن و تێکدانی ژیانت دەدەن، راستە ئەوان نەیانتوانی بە مەرامەکانی خۆیان بگەن، بەڵام لە یەك شتدا سەرکەوتوو بوون ئەویش ئەوەیە توانییان بێزارم کەن لە ژیان، ببورن ئەگەر بێزارم کرد بن).

زۆر کەس ئەو قسانەی غادەیان بە وەڵامێك بۆ لێدوانەکانی هونەرمەند تاریق لوتفی لێکدایەوە کاتێك چەند قسەیەکی غادەی بە درۆ خستەوە دەربارەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەلایەن دەرهێنەر محەمەد سامی کە دەرهێنەری دوایین زنجیرە درامای غادەیە، لوتفی قسەکانی غادەی بە شەرمەزار وەسف کرد و گوتی: ئەو ناکۆکییەی لەنێوان غادە و محەمەددا روویدا زۆر ئاساییە لە هەر کارێکی هونەریدا رووبدات، ئەم قسانە کاریگەرییەکی دەروونی زۆریان لەسەر غادە هەبوو و وایکرد هەست بە دڵتەنگی بکات، بۆیە پێدەچێت قسەکانی بۆ جەماوەر جۆرێك لە وەڵام بێت بۆ تارق لوتفی.



# یاسمینی ساختە ئاشکرا بوو

ئەو کچەی لە فایسبوک خۆی بە کچە ئەکتەری یاسمین عەبدولعەزیز ناساند بوو، ناچار بوو خۆی ئاشکرا بکات دوای ئەوەی هەڕەشەی لێکرا کە سکاڵای دژی تۆمار دەکرێت لە لیژنەی تایبەت بە تاوانەکانی ئەنتەرنێت لە پۆلیسی میسر.

ئەو کچە لەسەر پەیجی تایبەتی خۆی لە فایسبوک رایگەیاند کە ئەو یاسمین نییە و لە خۆشەویستی بۆ ئەم ئەکتەرە رۆح سووک و کۆمیدییە هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەم کارە، بەپێی هەواڵێکی گۆڤاری (سیدتی) ئەم کچە میسرییە بەم کارەی چەند گرفتێکی بۆ یاسمین درووست کردبوو، چونکە بەردەوام بە ناوی ئەوەوە قسە و گفتوگۆی لەگەڵ خەڵك و جەماوەرەکەی دەکرد و لێدوانی رۆژنامەوانی بۆ میدیاکان دەدا، هەروەها چەندین جار لێدوانی سیاسیشی داوە بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستای میسر کە هیچ پێوەندی بە یاسمینەوە نەبووە و دەبووە هۆی ئەوەی گرفتی بۆ دروست بکات، چونکە زۆر جار لێدوانە ساختەکانی پێچەوانەی بیروڕاکانی بوون کە لەلایەن خەڵك پێی ناسرابوو.

شایەنی باسە سەرەڕای ئەوەی یاسمین یەکێکە لە ئەستێرەکانی کۆمیدیا لە میسر و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەکاونتێکی نییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# زانکۆ

-٦-



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

لە قۆناغی دووەمیندا بووم، توانیبووم بێمە بەرچاو جێگای بکەمە، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کۆششی زیاترم دەکرد.

کاتی بەرهەمی (دەرهێنان)ی دوا قۆناغەکان بوو، هەر دەستەیەك و درایە دەرهێنەرێك و مامۆستایەك سەرپەرشتی دەکرد، سەبارەت بە نواندنی کاراکتەری سەرەکی شانۆییەکە، یان قارەمانەکەی، ژمارەیەك قوتابی تاقی دەکردەوە، بۆ شانۆییەکەی ئێمە کە شانۆیی (سیزەرت لە بیر بێ) هەر هەموو بەشداری کوڕەکان تاقیکرانەوە، هەر من بە باشترین دەردەچووم بۆ نواندنی کەسایەتی سەرەکی، شانۆییەکەش تەنها سێ کارەکتەری تیادا بوو، هەستم بە حاڵەتێکی ناخۆش کرد، بۆنی گڵاوی ڕەگەزپەرستی لێدەهات، دیار بوو دەرهێنەرەکە، کە (داوود سەلمان)ی ناو بوو، گەر زەینم لێم ئاڵۆز نەکات خەڵکی (دیوانییە) بوو،لەوەش دەرچوو بە ڕێکەوت یان ڕێی هەڵە کردبێ و کەوتبێتە سەر خوێندنی شانۆ.

لە وشە لە (لەکنە) کوردییەکەم ترسابێ. ئاکام هەر من بەبێ مێمڵ مامەوە، ئەوسا هەر دڵی ئاوی نەخواردەوە، چوو دەستەیەك لە مامۆستایانی بانگ کرد، کە بریتی بوون لە مامۆستایان (جەعفەر ئەلسەعدی، سامی عەبدولحەمید، جاسم ئەلعبودی) ئەوان دەستخۆشییان لێکردم و دەرهێنەرەکەیان لەگەڵ خۆیان برد، دیار بوو سەرزەنشتییەکی باشیان کردبوو، خوا پێمنەگری (چاك شتبوویان)، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم لە ناخەوە هەستم بەو جۆرە نامۆ بوونە کرد، نەك ڕق ئەستوور دەکات، بەڵکو دەبێتە هێز و گوڕ و ئەو توانایەی پێی ئیستەرەمت پێدا دەکوتی، کە هەر دەبێ براوە بێت.

دەرهێنەرەکە بە ناچاری هەروەك بە زەبری زۆرەملێ پێیان کردبێ، تێکستێکی دایە دەستم و ئاماژەی کارەکتەرەکەی بۆ کردم و دەستنیشانی سەعاتی سێی سبەینێی بۆ کردین کە یەکەم مەشقە و تێکستەکە دەخوێنێتەوە هاتینە دەرێ و شانۆییەکەم بە دەستم گرتبوو، بە درێژایی ئەو ماوەیەی هەتا گەیشتمەوە (حەیدەر خانە)، بە دڵ و گیان خوێندمەوە، هەستم نەك بە سەرکەوتنی (سالار) دەکرد، بەڵکو هەستم بە سەرکەوتن و هەوڵ و دەرفەت وەرگرتنی کورد دەکرد، ئیدی لەو ساتەوە کەسایەتییەکەم کردە نەك تەنها هۆش و گۆشم بەڵکو بە خۆم.

هێندە شانۆییەکەم ئەم سەر و ئەو سەرم کرد، بە خاڵ و فاریزە و نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمانیشەوە لەبەرم کرد، بۆ سبەینێ وادەی یەکەم پڕۆڤە هات، کۆبووینەوە و دەرهێنەر گوتی: ئادەی هەر یەکە تێکستەکەی بگرێت بە دەستییەوە و دەست بە خوێندنی دەکەین. پاش تۆزێ لە منی ڕوانی و کەمێك دەنگی خۆی لە گرێژەوە نەبرد و گوتی: ئەی تۆ، تێکستەکەت کوانێ؟، من ناحەقم نەبوو لێت دوو دڵ بووم.

وەرامم دایەوە: هەرچی لە کەرت کردن و مامەڵەم هەیە لە تەکیا کردوومە و زۆر باش لەبەرمە.

هەمووان حەپەسان، بەڵام هەر خۆی نەگۆڕی و گوتی: ئەی کلیل و بەستنەوەی بە دیالۆگ کارەکتەرەکانی دیکەوە؟: بەڵێ حسابی ئەوەشم کردووە، چونکە نەك کلیل و قفڵ بەڵکو سەراپام لەبەرە.

دەستکرا بە خوێندنەوە،یەك تەتەڵە چییە نەمکردووە و بگرە بۆ ئەوانیشم ڕاست دەکردەوە، چونکە بە وردی سەروبۆرم بۆ کردبوو.

ئەو ماوەیەی بۆ پڕۆڤە کردن دانرا بوو سێ هەفتە بوو تەنها ئەکتەرێ بووم، هیچ سەرپێچییەکم نەبوو، بەر لە هەمووان بە سەعاتێك ئامادە بووم.

وادەی پێشکەش کردن هات، لە هۆڵی نهۆمی دووەمدا تەختە بەندی بەسرا و پەردەیەکیان بۆ هەڵواسی، چونکە ئەو کات شانۆمان نەبوو، بەڵام نایشارمەوە و بە خودا هەر دەبێ بیدرکێنم ئەو شەوەی لە من ڕۆیی، لە دوژمنی باوەکوشتەش نەڕوا، لەو کاتەوەی گەڕامەوە خۆم خزانە گەرماوە گچکەکەی ئەپارتمانەکەوە، پڕۆڤە لەدوای پڕۆڤە و بە بەکارهێنانی خەیاڵ و گەشت ئەوانەی (ستانلاڤسکی) بە سەراپای تەمەنی دەستی کەوتبوو گشتیم بەسەرکردەوە و ئەم سەر و ئەو سەرم پێ کرد، هەتا ئەو ئاستەی هەستم بە تەواو ئاوێتە بوونی من و کارەکتەرەکە بووە و بە سینەی ئەو هەناسە دەدەم و بە چاوانی ئەو دەڕوانم و هەر وەك ئەویشی بیر دەکەم و خۆیشم چاودێرێکی بە ئاگام بەسەریەوە، نەبادا پتر خەستبێتەوە و بێخود بم و ئاگام لە خۆم و کەسایەتییەکەم نەمێنێ.

دەمەو بەیانی کەروێشکە خەوێکم بۆ کرد، بەڵام ناو بە ناو دەبووە نمایشەکە و بە ئاگا دەهاتمەوە.

نانی بەیانیم خوارد و پەنیری سێگۆشەو چای شیرین و نواندنەکەم بە یەکەوە دەخوارد و لە دۆتۆی یەك سەموونی گەرمم دەنا، ناوی خوام لێهێنا و بەرەو ئەکادیمییەتەکەم چووم، هەر زوو چوومە سەر تەختە بەندەکە و ئەم سەرو ئەو سەربم کرد، دەنگم تاقی کردەوە، ئیدی وادەی خەڵوەت و گۆشەگیری هات و لە پەنایەکدا کەنارگرتە و تەری بووم و بەرەبەرە لە ژیانی خۆمدا دوورکەوتمەوە و چوومە جیهانی چڕوپڕی کەسایەتییەکەوە. دیارە وادەی نواندن نزیك بوویەوە، بۆیە بەڕێوەبەری شانۆ، هەرسێکمان واتە من و (ئەسعەد ڕاشد) و (سەمیرە حەسەن)ی بردە پشت تەختە بەندەکە و بە هەموو واتایەك ئامادەبووین، هۆڵەکە جمەی دەهات ، جگە لە قوتابیانی ئەکادیمی بەتایبەت شانۆ، قوتابییە کوردەکانی بەشی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداش، گوێم لە دەنگی دەرهێنەر بوو گوتاری پێشوازی خوێندەوە و دەنگی مۆسیقا بەرزبوویەوە لە تەك ڕۆشنبوونەوەی سەر تەختە بەندە، کە بە ناو ڕووناکی بوو، چونکە هیچ مەرجێکی نە ڕووناکی نە شانۆ نەبوو.... ئەو کات مامۆستاکان فەرموودەیەکی (ستانسلاڤسکی) یان دەگوتەوە:(( هونەر ئەوەیە لە هیچەوە شت دروست بکەی)).

شانۆییەکە لایەنێکی کۆمیدی هەبوو، بەڵام من پتر زەقم کردبوو، لە پڕۆڤەکاندا دەمانچەیەکم وەکی ڕاستیمان بەبێ تەرەقە بەکاردەهێنا، بۆچی لە کاتی نواندنەکەدا هەر بە خەیاڵمە تەقاندم، زرمەیەکی لێوەهات لەسەر ئەو قیرەی بە پێوە وەستا بووم بە یەك تەقڵە کەوتمە سەر تەختە و منیش بینیم پێوە گرت و دوو تەقڵەی دیکەم بەدوایدا هێنا، هۆڵەکە هەژا بوو لە هەرا و پێکەنین، لەو کاتەدا ئەکتەرێکیان حەپەساو و ئەکتەرە کچەکەش لە دەرەکەی ترازا و لەگەڵ بینەران کەوتە پێکەنین و بووە یەکێك لەوان، پاشان نە تەنها جڵەوم گرتە دەست و دایالۆگەکانی ئەوانیش بە وەرامەکە دەگوتەوە، بینەرانیش بە سەرجەم مامۆستاکانەوە هەستا بوونە سەرپێ و چەپڵەڕێزان و هێرش کردنی مامۆستایان بەر لە خەڵکەکە سەرشانۆی پڕ کرد و کەوتمە ناو هێرشی ماچ و گوڵو تەحاتەحا و ئافەرینەوە، دەرهێنەر نەیدەزانی چۆن هەستی دەربڕی، مامۆستا (ئیبراهیم جەلال) پێی وت ئەوە (کاکە ئەحمە سالار)ە .

هەر مامۆستا و بە ڕستەیەکی جوان دەسکەنە کراو پیرۆزبایی لێ دەکردم، بە دڵ هەستم بە هەڵکشان کرد هەڵکشانێ کە کێش بەلاوە دەنرێ و کۆترە باریکە ئاسا...

ئەمە ئەو ڕووداوە بوو،کردم کە یەکەم شەو لە دڵەڕاوکێ و ترسدا خەوی لێ تەری بوو و ئەوا شەوی داو نمایشەکەش لە خۆشیانا هەموو دنیا خەوت و من هەر نەخەوتم.

**نانی بەیانیم خوارد و پەنیری سێگۆشەو چای شیرین و نواندنەکەم بە یەکەوە دەخوارد و لە دوتوێی یەک سەموونی گەرمم دەنا، ناوی خوام لێهێنا و بەرەو ئەکادیمییەتەکەم چووم، هەر زوو چوومە سەر تەختە بەندەکە و ئەم سەرو ئەو سەریم کرد**

**دەرهێنەرەکە بە ناچاری هەروەک بە زەبری زۆرەملێ پێیان کردبێ، تێکستێکی دایە دەستم و ئاماژەی کارەکتەرەکەی بۆ کردم و دەستنیشانی سەعاتی سێی سبەینێی بۆ کردین کە یەکەم مەشقە و تێکستەکە دەخوێنێتەوە هاتینە دەرێ و شانۆییەکەم بە دەستم گرتبوو، بە درێژایی ئەو ماوەیەی هەتا گەیشتمەوە (حەیدەر خانە)، بە دڵ و گیان خوێندمەوە**




# فستیڤاڵی لاو بۆ کورتە فیلم کۆتایی هات

سەنتەری لانەی هونەری بۆ دووەم ساڵە فیستیڤاڵی لاو بۆ کورتە فیلم بەڕێوەدەبات. فستیڤاڵ لەم ساڵدا بەبەشداری نوێنەرانی فستیڤاڵی نێودەوڵەتی و نوێنەری فستیڤاڵی (فەجر) لە تاران و دیاربەکر بە نوێنەرایەتی باکووری کوردستان و بە ئامادەبوونی چەندین هونەرمەند و نوێنەرانی حکومی و حزبی و بینەرێکی بەرچاو کە هۆڵی میدیا جمەی دەهات، دەستی بەکارەکانی کرد. ئەم فستیڤاڵە نزیکەی (٨٠ تا ١٠٠) کورتە فیلمی لە هەردوو بواری داستانی و دیکۆمینتاری وەرگرت و لە ڕێگەی لیژنەی بەرایی بڕیاری (٢٠) کورتە فیلم درا بۆ هاتنە نێو فستیڤاڵ لەگەڵ نیشاندانی دووکورتە فیلمی میوان. سەنتەری لانەی هونەری توانی ئامادەکاریەکی باش بکات بۆ بەڕێوەچوونی فستیڤاڵ و بۆ هەر پارچەیەکی کوردستان نوێنەرێك دەست نیشان بکات بۆ وەرگرتنی فیلمەکان و ئامادەسازی فستیڤاڵ. لە چوار شەوی ڕەمەزانی پیرۆزدا کارەکانی بەڕێوەبرد و بۆ یەکەمجارە بەم شێوەیە بەرچاوە میوانان پێشوازی لە فستیڤاڵی کورتە فیلم بکەن و کە شەوانە لە هۆڵی میدیای تژی دەکرد بە ئامادەبووان. لە شەوی کۆتایی لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا خەڵات بەسەر ئەم فیلمانە دابەشکرا کە لەلایەن لیژنەی دادوەری فستیڤاڵ دەست نیشان کرابوو، خەڵاتەکەش بریتی بوو لە برۆنز و بە ئاو زێڕ رووپۆشکرابوو، لە هەمان شەوی ڕێوڕەسمی کۆتاییدا، خەڵاتێکیش وەك وەفاو پاڵپشتی دووساڵی رابردوو بۆ فستیڤاڵ بەخشرایە بەڕێز (د. پشتیوان صادق ) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەم بارەیەوە زەردەشت محەمەد بەڕێوەبەری فستیڤاڵ و سەرۆکی سەنتەری لانەی هونەری وتی : شانازی دەکەین بۆ دووەم ساڵ لە هەولێری پایتەخت زۆر بەسەرکەوتوویی توانیمان فستیڤاڵی لاو بۆ کورتە فیلم بەڕێوەببەین و فراوانیشی بکەین کە تێیدا تەواوی سینەماکارە لاوەکانی کوردستان لە هەرچوار پارچە لە چوارچێوەی ئەم



فســـتیڤاڵە کۆبکەینەوە و ڕێز لە هەوڵ و ماندووبوونی ئەوان بگرین. لە درێژەی وتەکانیشـــی وتی پاڵپشـــت بە ئیـــرادەی لیژنەی ئامـــادەکاری و هاوکاری برای گەورەمان بەڕێز ( د. پشـــتیوان صادق ) و هاوکاری و کۆمەکـــی هەندێـــك لەخەمخۆرانی ئەم شـــارە لە ســـاڵی داهاتوو فستیڤاڵەکە فراوانتر دەکەین و تەواوی هونەرەکانی تـــری تێدا ئەنجام دەدەیـــن. بەڕێوەبەری فســـتیڤاڵ هیوای خواســـت کە هاوکاری و پاڵپشتی تەواویـــان بکرێت لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە تاك و بتوانن ساڵانە ئەم فستیڤاڵە بەردەوام بکەن و وتیشی بەداخەوە لە پایتەختی هەرێم فســـتیڤاڵەکان تەمەنیان کورتەو بەردەوام نابن، بەڵام ئەگەر بێت و یەك لەســـەر دەی ئەو بڕە پارەی بۆ فستیڤاڵەکانی تر خەرج دەکرێت بۆ ئێمە خـــەرج بکرێت بەدڵنیاییـــەوە چەندین کاری هونەری ناوازە پێشکەش بەشاری هەولێری خۆشەویست و کوردستان و گەشتیارانی ئەم وڵاتە دەکەین.



## تابلۆی جیهانی

(منداڵ و کۆترەکە) یەکێکە لە کۆنترین تابلۆیەکانی نیگارکێشی ناوداری جیهانی پاپلۆ پیکاســـۆ و بە گرنگترین تابلۆکانی دادەنرێت، چونکە بە وەرچەرخانێك دادەنرێت لە ژیانی پیکاسۆ و گواستنەوە بۆ قۆناغێك کە بە (قۆناغی شین) ناسراوە.

ئەم تابلۆیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٤ لەلایەن خاتوو (ووركمان)ەوە هێنراوەتە بەریتانیا، ساڵی ١٩٤٧ لە خانەی کریستز بۆ مەزادی ئاشکرا فرۆشراوە، دوا جاریش بە بڕی ٥٠ ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی فرۆشراوە.